

# ماوسێکی تایبەتی چەماوە لە لینۆڤۆ

لینۆڤۆ (Lenovo) بەبەراورد بە کۆمپانیاکانی دیکەی بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلۆژی سەردەم مێژوویەکی لەمێژینەی نییە، بەڵام توانیویەتی لە ماوەیەکی کەمدا بێتە ریزی پێشەنگەکان..

لەم دواییەدا ماوسی جۆری Lenovo N700 بەرهەم هێناوە، ئەم ماوسە بەبەراورد بە ماوسەکانی دیکە جیاوازیەکی زۆری هەیە یەکەم لە ستایلدا، ماوسەکە چەماوەیە و بە سوڕاندنی ١٨٠ پلە دەبێتە ماوسێکی تەخت.. سیستەمی بلوتوس و IR هەیە، لەبری دوگمەی سکرول دوگمەیەکی دیکە هەیە لە نێوان هەردوو دوگمەکانی چەپ و راستدا، ئەم دوگمەیە راستەوخۆ دەچێتە سەر لاپەڕەی موزائیکی ویندۆز ٨ و ١٠، بە ئاسانی دەکرێت کۆنترۆڵی ئەو بەشە بکەی. دیقەی ماوسەکە ١٢٠٠ە.

دوگمەکانی لەمسین و پێویستیان بە داگرتن نییە. ماوسەکە دوو باتری قەڵەمی بۆ بەگەڕخستنی دەوێت.




# پێوانی زەختی خوێن

نەخۆشی زەختی خوێن کە بە نەخۆشییە کوشندە شاراوەکە ناسراوە، ساڵانە دەبێتە هۆی مەرگ و جەڵتە لێدانی هەزاران کەس، نەخۆشی پەستانی زەختی خوێن چونکە ئاماژەیەکی ئەوتۆیان تێدا بەدی ناکرێ هەتا کاتی دەستنیشانکردنی بۆیە بە بکوژە شاراوەکە ناسراوە.

ئامێرەکانی پێوانی زەختی خوێن چەند جۆرن، جیوەیی، دیجیتالی، لەم دواییەشدا لەیزەری...هەرچەندە هەندێك لە ئامێرەکان بچووکن بەڵام ئەوەندەش بچووك نین کە بتوانی لە گیرفان بخرێن، بۆیە ئامێرێکی تایبەت بە پێوانی زەختی خوێن تایبەت بە مۆبایل بەرهەم هاتووە کە بە withings ناسراوە، بازوبەندێکی بێ وایەر بۆ پێوانی زەختی خوێن. ئەم بازووبەندە دەکرێت لە گیرفانی بخەی یان لە جانتای سەفەری بنێی بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵت بێت.







## سێ جەستە لەیەک گیانێکدا

مۆنیتۆر یان شاشە بۆ هەندێك ئەرك و كار هەتا مەزنتر بێت باشترە، چونكە بەكارهێنەر دەتوانێت باشتر ئەركەكانی پێ جێبەجێ بكات، شاشەی جۆری OCTEK 3-LCD لە راستیدا سێ شاشەی لێك جیایە و هەرسێكیان پێكەوە دەتوانن یەك كار ئەنجام بدەن، بۆ نموونە گەر دەتەوێ وەك تەلەڤزیۆن سەیری بكەی شاشەیە مەزنت دەوێت ئەوە دەبێتە یەك شاشە، بەڵام ئەگەر بتەوێ سێ كاری لێكجیاواز ئەنجام بدەی، ئەوە دەتوانی بیكەی بە سێ شاشە، دەتوانی بۆ هەر شاشەیەك كۆمپیوتەری تایبەتی دابنێی و دەشتوانی بەر هەر سێ مۆنیتۆرەكە یەك كۆمپیوتەر دابنێی..

ئەوانەی كاری دیزاین و نەخشەسازی دەكەن جار هەیە دەبێت لەیەك كاتدا سێ پرۆگرامی لێكجیا بكەنەوە و لەسەر سێ پرۆگرام كار بكەن یان ئەوانەی كاری سینەمایی ئەنجام دەدەن پێویستیان بە سێ كۆمپیوتەر و زیاتریشە بۆیە ئەم شاشەیە دەتوانێت ئەو ئەركە بە ئاسانی ئەنجام بدات.

شاشەی جۆری دەكرێت بەشێوەی ستونی یان ئاسۆیی سودی لێوەربگرێ. شاشەكان دەكرێت بە مەودایەكی زۆر لێك جیا بكرێنەوە، هەر سێ شاشەكە ٣٦٠ پلە بەدەوری خۆیاندا دەسوورێن.



## کۆمپیوتەرێکی بچووک بۆ پایسکل

كۆمپیوتەری بچووكی پایسكل بە ئامێری Raptor II دەگوترێت كە لەكاتی پایسكل سواریدا ئەركی گرنگ ئەنجام دەدات و زیاتر لە ١٧ ئەرك ئەنجام دەدات، شاشەیەكی هەیە كە لە شاشەكەدا خێرایی لێخوڕینی پایسكلەكە، هەروەها ڕێژەی ئەو كالۆریەی سووتێندراوە لەكاتی ڕۆیشتندا، ئەركی ڕووناكی چرای پێشەوەی پایسكل و دەكرێت پێچەوانەی چرای پشتەوەی پایسكل ئەنجام بدات.

ئامێری ناوبراو شەحن دەبێتەوە، ئەگەر شەحنیشی نەكەیەوە وزەی خۆی لە خودی پایسكلەكە وەردەگرێت. گلۆپەكانی سەر ئامێرەكە بۆ شەو و ڕۆژ دەگونجێت، لەكاتی بارانە و تەڕبوونیشدا هیچ كێشەیەك بۆ ئامێرەكە نایەتە پێشەوە..





# کۆمپیوتەرێکی ناوازە و گرنگ

کۆمپانیای dell بە داهێنانی کۆمپیوتەری جۆری dell canvas 27 گۆڕانکارییەکی جیدی لە جیهانی کۆمپیوتەر و ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی سەردەمدا پێکهێنا، کۆمپیوتەری ناوبراو سەرووی خەیاڵ لە دیزایندا بێ وێنە...

لە یەکەم نیگادا کە سەیری دەکەی وەك لاپتۆپێکی مەزنی دەبینی، بەڵام کاتێك سەیری بەشی خوارەوەی دەکەی دەبینی ئەویش شاشەیەکە.. واتە هەردوو بەشی شاشە.. بەکارهێنەر بە ویستی خۆی دەتوانێ جێگۆڕکێ لە نێوانیاندا بکا.. کۆمپیوتەرە ناوازەکە سیستەمی ویندۆز١٠ی لەسەرە، بۆ کاری دیزاین، سینەما، ئەندازیاری، مۆسیقا، وێنەکێشان... زۆر کاری هونەری و ئەندازیاری دەگونجێت.. بۆ نموونە بەکارهێنەرێکی هونەری موسیقا دەتوانێت بەشی خوارەوەی بکاتە بە پیانۆیەکی دیجیتالی و سەرەوەی بکاتە بەشی نۆتەکان... هونەرمەندێکی شێوەکار دەتوانێت لەسەرەوە ئەو وێنەی کە مەبەستیەتی بیکشێتەوە دابنێ و لە خوارەوەش بە قەڵەم و ئامێرێکی تایبەت دەتوانێ وێنەکە بکێشێتەوە..

کۆمپیوتەری ناوبراو لە شاشەکەدا دەتوانرێ لە یەك کاتدا ٢٠ خاڵی لەمسی بەکار بهێنی.. کوالیتی نیشاندانەکە بە جۆرێکە کە هەست پێدەکەی لە پشتی شووشەیەکی روونەوە سەیری دەکەی.. بۆیە هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە کە کۆمپیوتەری ناوبراو خەڵاتی ٢٠١٧ لە بواری داهێناندا وەرگرتووە.. شاشەکە خۆی ٢٧ ئینجە و نیشاندانەکەی QHDیە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆمپیوتەری ئاماژەپێکراو لە یوتیوبدا سەیری بکەن..



# کاسێتەکانت

زۆر ئامێر هەن بۆ مرۆڤایەتی مێژوون، بیرەوەرین، یادگارییەکانی تەمەن لەودا نوێدەبنەوە.. راستە لە دایکبوونی ئامێرێکی نوێی دیجیتالی، دەبێتە هۆی مەرگی ئامێرێکی کلاسیکی، بەڵام ئامێرە کلاسیکەکان لە زەین و یادەوەریماندا ناسڕێنەوە، بۆ نموونە ئامێری کاسێت ریکۆردەر، ئەوەی لە زمانی بازاڕیدا پێیدەگوترێ (مسجل) گەرچی نزیکەی دە ساڵ دەبێت بوو بە



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**بەڕێزێك دەپرسێت مۆبایلەکەم وێنەیەکی زۆری تێدایە، لەناو وێنەکانیش وێنەی دووبارەی تێدایە بەڵام ناتوانم بە وردی بگەڕێم وێنەکان بدۆزمەوە ئەپلکەیشنێك هەیە ئەم کارەم بۆ ئەنجام بدات؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئەپلکەیشنی Duplicate Photos Fixer Pro تەواو بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتووە، پرۆگرامەکە سێ بەشی هەیە بۆ سکانکردن و دۆزینەوەی وێنە دووبارەکان، یەکەم لەسەرەتادا گەر مەبەستت بێ تەنیا وێنەکانی ناو گالێری ئەگەر دووبارەیان تێدابێ دەدۆزێتەوە، بەشی دووەم ئەوەیە کە دەتوانی مەلەفێکی بۆ دەستنیشان بکەی، بەشی سێیەم ئەوەیە کە دەتوانی گشت مۆبایلەکە بە میمۆرییشەوە سەیر بکات و وێنە دووبارە بووەکان بسڕێتەوە...




## ـــــان فڕێ مەدەن

ئەرشیف و لە هیچ شوێنێك نەماوە بەڵام لە زەینی ئێمەمانان ناسڕێتەوە.

لەم دواییەدا ئامێرێك دروستکراوە بەناوی EL-BOW کە بچووکە و دەچێتە ناو یەکێك لە کونەکانی کاسێت، ئامێرەکە ئەرکی ریکۆردەر کاسێت ئەنجام دەدات، بە هەندێك تایبەتمەندی نوێوە، دەتوانێت دەستبەجێ لە ڕێگای بلوتوسەوە کاسێتەکە بکاتە فایلی دەنگی بۆ کۆمپیوتەر بیگوازێتەوە. بۆخۆی سپیکەری تێدایە و دەتوانێت دەنگ بڵاوبکاتەوە. دەتوانێت دەنگی هەر لایەکی کاسێتەکە گوێی لێبگری، یان وەك ریکۆردەرێك کاسێتەکە بۆ پێشەوەو دواوە بەری.





## پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی هاردی کۆمپیوتەر

پارتێشن بەندی Partition بە واتایەکی دیکە ڕێکخستن و پارچەکردن و تێکەڵاوکردنی پارچەکانی هاردی کۆمپیوتەر گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەگەر سەیری کۆمپیوتەرەکەت بکەی دەبینی دابەش بووە بەسەر بەشی (C.D.E...) یان چەند بەشی دیکە. پارتێشن کردن هەرچەندە لە خودی ویندۆزیشدا ئەم کارە ئەنجام دەدرێ بەڵام دەستکاری کردنی بە هەڵە دەبێتە هۆی زیانی گەورە.. پرۆگرامگەلێکی تایبەت بە پارتێشن کردنی هارد بەرهەم هاتوون یەکێك لەم پرۆگرامانە MiniTool Partition Wizardە کە بەهۆیەوە دەتوانی هارد ڕێك بخەی، قەوارەی دوو پارتێشن بکەی بە یەك.. کارکردن بەو پرۆگرامە زۆر ئاسانە شاردنەوەی پارتێشنەکانیش یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی پرۆگرامەکە.. پرۆگرامەکە نەك بۆ سیستەمی ویندۆز بەڵکو بۆ لینۆکسیش دەبێت. پرۆگرامەکە لە یەك کاتدا پشیتوانی لە ٣٢ هاردی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی هارد دەکات...



## سایتێک زیاتر لە ١٤ ملیۆن وتاری زانستی تێدایە

دامەزراوەی زانستی ویکی میدیا و پێنج دامەزراوەی دیکەی زانستی پێکەوە سایتێکی گرنگیان کردۆتەوە کە زیاتر لە ١٤ ملیۆن بابەتی زانستی جۆراوجۆری تێدایە.. نە تەنیا ئەم چەند دامەزراوەیە بەڵکو دواتر ٢٩ چاپەمەنی و گۆڤاری زانستی هاوکاریان کرد و سایتی https://i4oc.org/ بوو بەیەکێك لە دەوڵەمەندترین سەرچاوەی باوەڕپێکراوی زانستی..

ئەوانەی کە خەریکی توێژینەوەن، یان ئەو قوتابیانەی نیازیانە باس و تێزی زانکۆیان بنووسن، پێویستیان بەو سایتە دەبێت.. بەڕێوەبەری سایتەکە دەڵێت ئەوە بۆ یەکەمجارە لە جیهاندا سایتێکی ئەوەندە گرنگ کە بەبێ بەرامبەر خزمەتگوزارییەکانی دەخاتەڕوو دەکرێتەوە.. ئەم سایتە تەواوی زانستی جیهان پێکدێنێ و پێویستت بە هیچ شوێنێکی دیکە نابێت...